کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:39 2007-4-8

# ژەنەراڵ پاتریۆس میدالیای ئازایەتی دەبەخشێتە ئەفسەرێکی کورد ... مەریوان نەقشبەندی



لەئەنجامی ئازایەتی و ئیلتیزامی سەربازی و ڕێزگرتن لە پیشەی سەربازی خۆی، لەمەراسیمێکدا کە لەبنکەیەکی سەربازی هێزەهاوبەشەکانی ئەمریکا و عیراق لەنزیك شاری بەعقوبە بەرێوەچو، عەمید روکن (سامان تاڵەبانی) فەرماندەی هێزەکانی (شێری بیابان) لە سوپای نوێی عیراق لەلایەن (ژەنەراڵ دیڤد پترایۆس) فەرماندەی گشتی هێزە فرەرەگەزەکان لەئێراق میدالیای ئازایەتی پێبەخشرا، ئەم خەڵات کردنەش دوای ئەو قارەمانییتیە بوو کە فەرماندەی ناوبراو لە شەڕەکانی سنووری پارێزگای دیالە پیشانیدا و بەردەوام گورزی کاریگەری لە تیرۆرستان و میلیشیا یاخیبوەکانی ئەو ناوچەیە وەشاندوە و دواجار لەشەرێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ تیرۆرستان بریندار بوو بۆ چارەسەری برینەکەی گەڕایەوە کوردستان، بەڵام پێش تەواوبوونی وادەی چارەسەرکردنەکەی مۆڵەتی رەسمی خۆی هەڵوەشاندەوە و لەبەرواری 2007/4/5 پەیوەندی کردەوە بە هێزەکەی خۆیەوە، شایانی باسە سامان تاڵەبانی یەکێکە لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لەدوای ڕاپەرینەوە بەردەوام خزمەتی بە ڕاهێنانی پێشمەرگەکانی کوردستان کردوە و بەرگری لە دەسکەوتەکانی کورد کردوە لەپرۆسەی ئازادکرنی عیراقیشدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوە و ئازایەتی و لێهاتویی خۆی بوە هۆی ئەوەی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە ڕەوانەی ئوسترالیا بکرێت و دوای تەواوکردنی خولێکی سەربازی – ئەکادیمی لەو وڵاتە گەڕایەوە عیراق و نزیکەی دوو ساڵە فەرماندەی هێزەکانی (شێری بیابانە) کە هێزێکی عیراقی ڕاهێنراوە و لە سنووری پارێزگای دیالە بە ئازایەتی و جەربەزەیی ناسراوە و بەردەوام تیرۆرستانی ئەو دەڤەرەی تۆقاندوە، ئەمەش یەکەمجارە ئەفسەرێکی کورد لەناو سوپای نوێی عیراقدا میدالیای ئازایەتی لەلایەن دیڤد پترایۆس فەرماندەی گشتی هێزە فرەرەگەزەکانەوە لەئێراق پێببەخشری.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.